# أثر استراتيجية (Four Five) في الفهم القرائي لمادة المحادثة عند طلاب الصف الخامس الاعدادي وتنمية تفكيرهم الترابطي

علي حسين محمد قدري
ali.Hussein2306m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
أ.د. بيمان جلال احمد
جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية

**الملخص**

يرمي هذا البحث إلى التعرّف على أثر استراتيجية (Four Five) في الفهم القرائي لمادة المحادثة عند طلاب الصف الخامس الاعدادي وتنمية تفكيرهم الترابطي،واعتمد الباحث المنهج التجريبي والتصميم التجريبي ذا الضبط الجزئي للمجموعتين التجريبية والضابطة ذات الاختبار القبلي والبعدي،وإختار الباحث عينة البحث بنحوعشوائي من طلاب (اعدادية دجلة الخير للبنين) لتطبيق تجربته إذ تألفت عينة البحث من(٦٠)طالبًا من طلاب الصف الخامس الإعدادي وبواقع(٣٠) طالبا للمجموعة التجريبية التي تمثل شعبة(أ) و(٣٠) طالبًا في المجموعة الضابطة التي تمثل

شعبة ( ب)، وكافأ الباحث إحصائيا بين طلاب مجموعتي البحث في المتغيرات التالية:(العمر الزمني للطلاب محسوبًا بالشهور،درجات اللغة الكردية للعام السابق ، والتحصيل الدراسي للوالدين ، و اختبار المعرفة السابقة واختبار التفكير الترابطي القبلي ، واختبار الذكاء)، و لقياس الفهم القرائي عند طلاب الصف الخامس الاعدادي أعد الباحث اختباراً للفهم القرائي مكوناً من(٢٢) فقرة من نوع الاختيار من متعدد ذو البدائل الأربعة، ولقياس الأداة الثانية ( التفكير الترابطي) أعدَّ الباحث إختباراً للتفكير الترابطي وتكون من(٢٠)فقرة من نوع الاختيار من متعدد، وصاغ الباحث(١١١)هدفًا سلوكيًا، وأعدَّ خططا تدريسية لموضوعات القراءة الكردية التي ستُدرَّس في التجربة في ضوء محتوى الكتاب والأهداف السلوكية، وأستعمل الباحث الوسائل الإحصائية المناسبة لإستخراج البيانات، وأظهرت النتائج تفوق طلاب المجموعة التجريبية على طلاب المجموعة الضابطة في إختبار الفهم القرائي وإختبار التفكير الترابطي.

**الكلمات المفتاحية: استراتيجية (Four Five)، الفهم القرائي، تفكيرهم الترابطي.**

## The Effect of the (Four Five) Strategy on the Reading Comprehension of conversation for Fifth-Grade Preparatory School Students and the Development of their Associative Thinking

**Prof. Dr. Peyman Jalal Ahmed**

**Ali Hussein Muhammad Qadri Abdul Qadir**

**University of Baghdad /College of Education (Ibn Rushd) for Human Sciences**

**Abstract**

This research aims to identify the effect of the (Four Five) strategy on the reading comprehension of conversation for fifth-grade preparatory school students and the development of their associative thinking. The researcher adopted the experimental method and the experimental design with partial control for the experimental and control groups with pre- and posts-test. And after, the researcher randomly selected the research sample from the students at (Dijlah Al-Khair Intermediat School for Boys) to implement his experiment, as the research sample consisted of (60) fifth-grade science students, with (30) students in the experimental group representing Section (A) and (30) students in the control group representing Section (B), and the researcher statistically rewarded the students of the two research groups for the variables are: (the students chronological age calculated In months, Kurdish language grades for the previous year, the parents' academic achievement,the prior knowledge test, pre-associative thinking test, and the intelligence test), and to measure reading comprehension among fifth-grade students in the preparatory school, the researcher prepared a reading comprehension test consisting of (22) multiple-choice items with four alternatives, and to measure the second tool (associative thinking), the researcher prepared an associative thinking test, consisting of (20) multiple-choice items, the researcher formulated (111) behavioral objectives and prepared teaching plans for the Kurdish reading topics that will be taught in the experiment in light of the book's content and behavioral objectives. The researcher used appropriate statistical methods to extract data, and the results showed that the students of the experimental group outperformed the students of the

control group in the reading comprehension test and the associative thinking test.

**Keywords: Four Five strategy, reading comprehension, associative thinking.**

## کاریگەریی ستراتیژییەتی (Four Five) لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابە تی وتووێژ لە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پەیوەستدا

**عەلی حسێن محەمەد قەدری عەبدولقادر**

**پ.د. پەیمان جەلال ئەحمەد**

**زانکۆی بە غداد /کۆلیژی پە روە ردە ی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایە تییە کان**

**پوختەی توێژینە وە کە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات"کاریگەریی ستراتیژییەتی(Four Five)لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابەتی وتوێژ لە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پەیوەستدا"دیاری بکات،توێژەر پەیڕەوی شێوازی ئەزموونی کردووەو دیزاینی ئەزموونی بە کۆنترۆڵی نیمچەیی بۆ کۆمەڵەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەکارهێناوە لەگەڵ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی،توێژەر هەڵبژاردەی توێژینەوەکەی بە شێوازی هەڕەمەکی لە خوێندکارانی ئامادەیی(دجلە الخیر)ی کوڕان هەڵبژاردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونەکە هەڵبژاردەکە بریتی بوو لە(٦٠)خوێندکار لە پۆلی پێنجەمی زانستی،کە(٣٠)خوێندکار بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی هۆبەی (ئ)و(٣٠)خوێندکار بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو هۆبەی(ب)،توێژەر لە ڕووی ئامارییەوە یەکسانی لە نێوان خوێندکارانی دوو کۆمەڵەکەدا لە گۆڕاوەکانی کاریگەری لە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکەدا کردووە ئەو گۆڕانەش بریتین لە:(تەمەنی خوێندکاران هەژمارکراو بە مانگ،نمرەکانی وانەی کوردی بۆ ساڵی پێشوو،دەستکەوتی خوێندنی باوکان،دەستکەوتی خوێندنی دایکان،تاقیکردنەوەی زانیاری پێشوو،تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست پێشوو،و تاقیکردنەوەی زیرەکی)،بۆ پێوانی تێگەیشتنی خوێندنەوە لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی توێژەر پێوەرێکی تێگەیشتنی خوێندنەوەی ئامادەکردووە کە پێکهاتووە لە(٢٢)بڕگە لە جۆری فرە هەڵبژاردنی لەگەڵ چوار هەڵبژاردە،بۆ پێوانی ئامرازی دووەم(بیرکردنەوەی پەیوەست)توێژەر پێوەرێکی بیرکردنەوەی پەیوەست ئامادەکردووە کە پێکهاتووە لە(٢٠)بڕگە لە جۆری فرە هەڵبژاردن،توێژەر(١١١)ئامانجی ڕەفتاری داڕشتووە و پلانی وانەوتنەوەی بۆ بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردی ئامادەکردووە کە لە ئەزموونەکەدا دەدرێتەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکی کتێب و ئامانجە ڕەفتارییەکانەوە،توێژەر ئامرازی ئاماری گونجاوی بەکارهێناوە بۆ دەرهێنانی زانیاری،و ئەنجامەکان دەریانخستووە سەرکەوتنی

خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوستد.

**وشەی سەرەکی: کاریگەریی ستراتیژییەتی (Four Five) تێگەیشتنی خوێندنەوە، بابەتی وتووێژ، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، گەشەپێدانی، بیرکردنەوەی پەیوەستدا.**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**

گرانی تێگەیشتنی خوێندنەوە کێشەیەکی سەرەکییە لە بواری خوێندنی خوێندنگادا، و جەوهەری ئاستەنگەکانی فێرکردنە بەگشتی، کە کاریگەرییەکەی درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی کە خوێندکار لەناو خوێندنگادا وەریدەگرێت، و لەڕێگەی فێرکردنی زمانی کوردی لەلایەن توێژەرەوە لە خوێندنگاکاندا، توێژەر دەستی خستۆتە سەر ئاستی نزمی خوێندکاران لە زمانی کوردی بەگشتی و لاوازییان لە خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بەتایبەتی و هەندێک لە خوێندکاران باش ناخوێننەوە و هەندێکیشیان ناتوانن پیتەکان بەشێوەیەکی تەواو دەرببڕن و هەروەها لاوازییان لەجیاوازی نێوان پیتەکاندا هەیە، و هەندێکیانیش ناتوانن یەک دێڕ بەتەواوی بخوێننەوە ئەمەش لەئاستی دەستکەوتە ئەکادیمییەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە چونکە بایەخ نادەن بەبەشە گرنگەکەی زمانی کوردی کە وانە خوێندنەوە و گفتوگۆیە کە کۆڵەکەیەکی گرنگە لەوانەی زمانی کوردیدا ، و دیارە گلەیی مامۆستایانی زمانی کوردی لەلاوازی خوێندکاران لەتێگەیشتنی خوێندنەوە بەردەوامی هەیە، و ئەم کێشەیەش بەرپرسانی پەروەردە و ئەوانەی پەیوەندییان بەکاروباری فێرکردنی زمانی کوردییەوە هەیە نیگەران کردووە.

کێشەی تێگەیشتن لە خوێندنەوە جیا ناکرێتەوە لە کێشەکانی فێرکردنی زمانی کوردی و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت، و لاوازی خوێندکاران لە وانە خوێندنەوەدا واتای سەرنەکەوتنی خوێنەرە لە بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی خوێندنەوە و تێگەیشتن، و کاریگەری خراپی هەیە، هەموو بوارەکانی مەعریفە دەگرێتەوە کە مەبەست لە بەدەستهێنانیانە و دەبێتە هۆی دواکەوتوویی پەروەردەیی.

توێژەر پێیوایە وانەی خوێندنەوە لەلایەن بەرپرسانی پرۆسەی پەروەردە لەوەزارەتی پەروەردەوە گرنگی تەواوی بەدەست نەهێناوە بە ئەنجامنەدانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی کە بریتیەلە ئاشناکردنیان بە ڕێگاکان و ستراتیژیە نوێیەکان لە وانەوتنەوەی بابەتەکەدا، ئەمە جگە لە کەمی بەشەوانە کە هە فتانە یەک وانە دەدرێت و ئەمەش لەگەڵ قەبارەی بابەتی دیاریکراودا ناگونجێت ، و ئەمەش بووەتە هۆی پشتگوێخستنی ئەم وانەیە،و بەتایبەتی تێگەیشتن لە خوێندنەوە و هێشتا تێروانینی کورت لەوانە خوێندندا هەیە لای زۆرێک لە مامۆستایان کەئەو وانەیە دەیڵێنەوە .

ئەمەش دووبارە جەختی لەسەر کرایەوە لەکۆنفرانسی پەروەردەیی کە لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو لەسەر گەشەپێدان و دامەزراندنی سیستەمی فێرکردنێکی بەهێز کە فێرکردن بەرهەمێکی چالاك بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو و ئێستاش، و جە ختی لەسەر ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان و ئاشناکردنیان زیاتر لەسەر سیستمی تاقیکردنەوە و ستراتیژیەکانی فێرکردنی هاوچەرخەوە کردەووە.(حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ،٢٠١٥، ل.٦)

لەم باسەی سەرەوە دەردەکەوێت کەکێشەی توێژینەوەکەی ئێستا لەکەڵ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە یەکدەگرێتەوە:

**(ئایا ستراتیژیەتی (Four Five) کاریگەریی هەیە لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابەتی وتوویژ لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و گە شە پێدانی بیرکردنەوەی پەیوەستدا)؟**

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:** دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١. گرنگی زمان چونکە یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پەروەردە کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بەکاری هێناوە لە پرۆسەی تێگەیشتن لەگەڵ یەکتردا، و توانیویەتی لە ڕێگەی ئەوەوە بیروبۆچوون و ئەزموونەکانی ژیانی خۆی بگوازێتەوە.

٢.گرنگی زمانی کوردی، چونکە زمانی کوردی بە یەکێك لە گرنگترین پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ی عێراقیمان دادەنرێت لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی دووەم زمانی نەتەوەیی فەرمی لە عێراقدا دەکات.

٣.تێگەیشتنی خوێندنەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی هەموو تواناکانی زمان کە لە خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن و گوێگرتن ڕەنگدەداتەوە، هەروەها لە دۆزینەوەی خوێنەرێک کە ئاگاداری پەرەسەندنەکانی دەوروبەری بێت لە هەموو بوارەکاندا.

٤.بیرکردنەوەی پەیوەست گرنگییەکی زۆری هەیە لە فێرکردندا، چونکە بەهۆی بیرکردنەوەی پەیوەستەوە خوێندکار دەتوانێت هاندەرەکان بە وەڵامەکانەوە ببەستێتەوە، ئەمەش بە زۆر دووبارەکردن و ڕاهێنان دەبێت، و ئەم وەڵامانە لەهزریدا دەمینێتەوە هەر کاتێک بیەوێت دەیگەڕێنێتەوە .

٥.گرنگی ستراتیژی وانەوتنەوە، چونکە وەکو توخمێکی سەرەکی وایە لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەهۆی گرنگییەکی فراوانی لە بەدیهێنانی ئامانج و هەوڵە پەروەردەییەکاندا، و هەروەها وادەکات بابەتی خوێندن ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن و خوازراو بێت لای خوێندکاران.

٦.گرنگی ستراتیژی (Four Five)، چونکە هاندانی خوێندکاران زیاد دەکات بۆ بیرکردنەوە، بۆ ئەوپەڕی توانای خۆیان چونکە ئەوان دەکەونە ژێر پرسیاری مامۆستاوە، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی کە دەستکەوتی کەمیان هەیە و دابڕاون لە هەر گروپێکی پۆلدا.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی کاریگەری ستراتیژییە تی (Four Five)ە لە:

١. تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابەتی خوێندن.

٢. بیرکردنەوەی پەیوەست لە لای خوێندکارانی پێنجەمی ئامادەیی .

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ دڵنیابوون لە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم گریمانە سفڕیانەی خوارەوەی داڕشتووە:

**گریمانەی یەکەم:** جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێنکارانی کۆمەڵەی ئەزمونیدا کە وانەکەیان بە ستراتیژیەتی (Four Five) خوێند و ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەڕێگای ئاسایی وانەکانیان خوێند لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابەتی خوێندن.

**گریمانەی دووەم:** جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی خوێنکارانی کۆمەڵەی ئەزمونیدا کە وانەکەیان بە ستراتیژیەتی (Four Five) خوێند و ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەڕێگای ئاسایی وانەکانیان خوێند لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەستدا.

**پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە:**

١.خوێندنگە ئامادەیی و دواناوەندی حکومی بەیانیانی کوڕان سەربە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای بەغداد/ ڕەسافەی یەکەم/ بەشی پەروەردەی باکوری بەغداد (ئامادەیی دجلة الخیر کوڕان)

٢.نموونەیەك لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی .

٣. ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)ز.

٤.بابەتەکان(کات، یەکترناسین، لە بازاڕ، شۆفێر ومەوڵەتی لێخوڕین، ئەرکەکان بەرامبەر دایک وباوک، شاری سلێمانی، توفیق وەهبی، عبدالکریم المدرس) لە کتێبی خوێندنەوە بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.

**شەشەم دیاریکردنی زاراوەکان:**

**یەکەم: کاریگەری: پێناسە کراوە لە لایەن (إبراهيم)** "توانای گۆڕاوی سەربەخۆی بابەتی خوێندنە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی ئەرێنی بەڵام ئەگەر ئەو ئەنجامە بفەوتێت و بەدەست نەهێنرێت ڕەنگە هۆکارەکەی یەکێک بێت لەهۆکارە ڕاستەوخۆکانی لێکەوتەی نەرێنی". ( ابراهیم، ٢٠٠٩،ل.٣٠)

**دووەم: ستراتیژییەت: پێناسە کراوە لە لایەن (قطامي)** " کۆمەڵێک ڕێوشوێنە کە ڕێڕەوی کاری مامۆستا و کۆرسەکەی لە وانەدا دیاری دەکات و ڕێنیشاندەری دەکات، بۆ گەیشتن بە ئەنجامە

دیاریکراوەکاندا چ مەعریفی یان سۆزداری یان دەروون جوڵەیی بێت" . (قطامي، ٢٠١٣، ل.٤٤)

**سێیەم: ستراتیژییەتی (Four Five):**

**١- پێناسە کراوە لە لایەن (عبد السلام)** "یەکێکە لە ستراتیژیەکانی فێربوونی چالاك، کە ڕۆڵی خوێندکار ئەرێنی دەکات لە گرتنەخۆی هەنگاوەکانی بیرکردنەوە و تێڕامان لەسەر بابەت و کێشە یان پرسیارێک کە مامۆستا دەیخاتە ڕوو و گفتوگۆکردن لەنێوان ئەندامانی گروپەکە لەسەر ئەوەی هەر گروپێك پێی گەیشتوون بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانە لەبێژنگ بدرێن کە هەر گروپێک پێی گەیشتوون بۆ گەیشتن بە پێنج بیرۆکە بۆ پرسیار یان کێشەکە، چونکە ئامانج لێی ڕاهێنانی خوێندکارانە بۆ خستنەڕووی بیرۆکەی جۆراوجۆر و بیرکردنەوەی جیاواز سەبارەت بە هەر کێشەیەک کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە".(عبد السلام، ٢٠٢١،ل.١٢٩)

**٢- پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژییە تی(Four Five):** توێژەر بەم شێوەیە پێناسەی کرد کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێوشوێنی ڕێکخراو و پلەبەندین کە توێژەر (مامۆستا) دەیگرێتە بەر لە فێرکردنی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی، کە بریتییە لە دابەشکردنی خوێندکارانی پۆل بۆ پێنج گرووپ کە هەر گروپێک لە پێنج خوێندکار پێکهاتووە و پاشان ئاراستەکردنی پرسیار یان کێشەکە لە گە ڵ دە رفە ت دان بە ماوەی پێنج خولەک بۆ بیرکردنەوەی تاک و گفتوگۆ لەنێوان ئەندامانی هەر گروپێک وبەدەرئە نجامدانی پێنج بیرۆکە بۆ هەر گروپێک سەبارەت بە پرسیارەکە یان ئەو کێشەیەی کە خراوەتە ڕوو.

**چوارەم: تێگەیشتنی خوێندنەوە: پێناسە کراوە لە لایەن (قدورة)** "پرۆسەیەکی هزری ئاڵۆزە کە چەندین پرۆسەی بڵندی عەقڵی دەگرێتەوە کە لە ئاستەکانی لێکدانەوەی هێماکانەوە دەست پێدەکات ولە ئاستی داهێنان کۆتای دێت".(قدورة، ٢٠٠٩، ل.٢٧)

**پێنجەم : گەشەپێدان : پێناسە کراوە لە لایەن (ابراهیم)"** گۆڕانکاری ئەرێنی ئاشکراییە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو فاکتەرەی کە پێشتر دیاری کراوە و پلانی بۆ دانراوە بەدەست دێت، و ئەم گۆڕانکارییە دەتوانرێت بە تاقیکردنەوەی دەستکەوت یان ئامرازەکانی چاودێری یان شێوازەکانی تری پێوانەکردن بپێورێت".(ابراهیم، ٢٠٠٩، ل.٤٩٥)

**حەوتەم: بیرکردنەوەی پەیوەست:**

**١- پێناسە کراوە لە لایەن (الیوسفي)** "کۆمەڵە پرۆسەیەکی هزرییە کە پەیوەستە بە بیرکردنەوەیەك کەبەندە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو وروژاندن و وەڵامانەی کە خویندکار ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەجۆرێك کە بتوانێت تێڕوانینێکی گشتگیر پێکبهێنێت و کار لەسەر دامەزراندنیان بکات و هۆکارەکەش بە ئەنجامەوە ببەستێتەوە ".(الیوسفي، ٢٠١٦، ل.١٢٣)

٢- **(پێناسەی ڕێکاری بۆ بیرکردنەوەی پەیوەست):** توێژەر پێناسەی کردووە بە کۆی نمرەکانی بەدەستهاتووی خوێندکاران پاش وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری بیرکردنەوەی پەیوەستی بەکارهاتوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**هەشتەم: پۆلی پێنجەمی ئامادەیی:** یەکێکە لە پۆلەکانی قۆناغی ئامادەیی کە لەدوای قۆناغی ناوەندیەوە دێت و پۆلی پێنجەم لە قۆناغی ئامادەیی لەناوڕاستی سێ پۆلدایە کە بریتین لە پۆلەکانی چوار وپێنج و شەشەمی ئامادەیی و ئەم قۆناغە پتەوکردنی توانا و ئارەزووی خوێندکاران و توناکانیانە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرزتر لە زانیاری و شارەزایی، وەک ئامادەکارییەک بۆ درێژەدان بە خوێندنی زانکۆ. (وزارة التربية، ٢٠١٩، ل.٦٠)

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری:**

**یەکەم: ستراتیژییەتی (Four Five):**

❖ **چەمکی ستراتیژییەتی (Four Five)**

ستراتیژییەتی (Four Five) یەکێکە لە ستراتیژییەتە کانی نوێی فێربوونی چالاکە کە ڕۆڵی خوێندکار ئەرێنی دەکات، چونکە هەنگاوی کێشەیەك یان بابەتێك یان پرسیارێک لەخۆ دەگرێت کە مامۆستا بە تاک دەیخاتە ڕوو و بیرکردنەوەی تێرامان و گفتوگۆ لە نێوان ئەندامانی گروپەکە کە هەر ئەندامێک پێی گەیشتووە بۆ جیاکردنەوەی ئەو بیرۆکانەی کە هەموو گروپەکە پێی گەیشتوون بۆ گەیشتن بە پێنج بیرۆکە بۆ ئەو پرسیارە یان کێشەیە، ئامانج لێی ڕاهێنانی خوێندکارانە بۆ خستنەڕووی بیرۆکەی جۆراوجۆر و بیرکردنەوەی هەمەلایەنە لەو کێشەیەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ناولێنانی ئەم ستراتیژییەتە بەم ناوە وەک دەربڕینی ناوەرۆکی هەنگاوەکانێتی، هەر ژمارەیەک (٥) بە مانای هەنگاوێکی ستراتیژەکە دێت و بەم شێوازەی خوارەوە:

- (5) واتە پێنج گروپ.
- (5) واتە پێنج خوێندکار یان زیاتر لە هەر گروپێک.
- (5) واتە کاتێك کەماوەکەی پێنج خولەکە .
- (5) واتە پێنج بیرۆکەی کۆتایی بۆ هەر گروپێک .( عبد السلام، ٢٠٢١، ل.١٢٩)

❖ **گرنگی ستراتیژییەتی (Four Five):**

١. ستراتیژییەتی (Four Five) گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە خوێندکار لە دۆخی فێرکردن و گوێگرتن و لەبەرکردن لە فێربووندا دەباتە بیرکردنەوە و تێرامان و ئە رێنی لە پرۆسەی فێربووندا.

٢. ستراتیژییەتی (Four five) یارمەتیدەرە بۆ وروژاندنی مەیلی خوێندکاران بۆ بابەتی زانستی، لە ئەنجامی ڕۆڵی چالاک کە هەر خوێندکارێک دەیگێڕێت، کە لە بیرکردنەوەی تاکەکەسیدا

ڕەنگدەداتەوە بۆ پرسیارکردنی بیرۆکەی زۆر بۆ ئەو پرسیارەی کە خراوەتە ڕوو و گفتوگۆی لەسەر بکرێت بۆ ڕێکخستنی ئەم بیرۆکانە.

٣. ستراتیژییەتی (Four Five) گرنگە بۆ فێربوونی بەهرەی پەیوەندیکردن و بەدەستهێنانی چەندین تایبەتمەندی خوازراو بۆ خوێندکاران وەک کارکردن بە کۆمەڵ، خۆبەدوورگرتن لە خۆپەرستی، بڵاوکردنەوەی ڕۆحی هاوکاری و ڕێزگرتن لە ئەوانی تر و ڕەتکردنەوەی ترس و شەرم و دوورکەوتنەوە لە دابڕان.

٤. خوێندکاران لە چوارچێوەی ستراتیژییەتی (Four Five) کار دەکەن بۆ گێڕانی چەندین ڕۆڵی گفتوگۆ، گوێگرتن ئەرێنی، کارلێکردنی چالاک، دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا و بەرگری لە بیروبۆچوونەکان، کە هەموویان کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەی بیرکردنەوە بە هەموو جۆرەکان و دەستکەوتەکانیان هەیە. (امبو سعيدي والحوسنية ٢٠١٦، ل.٤٠٨)

❖ **هەنگاوەکانی ستراتیژییەتی (Four Five):**

ستراتیژییەتی (Four Five) ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. وانەکە ئامادە بکرێت بە شێوازێکی گونجاو.

٢. دابەشکردنی خوێندکارانی پۆل بۆ پێنج گروپ، هەر گروپێک لە پێنج خوێندکار یان زیاتر پێکهاتووە.

٣. هەر گروپێک ناوێکی لێدەنرێت و لەسەر بۆرد بە ڕەنگی جیاواز لەناو گرووپەکەدا دیاری دەکرێت.

٤. وەرەقەی A4 دەدرێت بە هەر خوێندکارێکی ناو گروپەکە بۆ نووسینی بیرۆکەکان و ناوی خوێندکاران و ناوی ئەو گروپەی کە سەر بەوەیە .

٥. مامۆستا بە خوێندکاران دەڵێت کە پرسیارێک دەکات و پێنج خولەک مۆڵەتیان دەداتێ بۆ:

یەکەم: بە جیا بیر لە وەڵامەکە بکەنەوە بۆ ئەوەی هەر خوێندکارێک ژمارەیەک بیرۆکەی بۆ خۆی بدۆزێتەوە و لە پەڕەی A4 دا بیاننووسێت.

دووەم : ڕێکخستنی ئەم بیرۆکانە بۆ گەیشتن بە پێنج بیرۆکەی سەرەکی بۆ گروپەکە، ئەمەش لەڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگ بەشێوەیەکی کاریگەر و ئە رێنی لەنێوانیاندا لەناو گروپەکەدا بۆ تێکەڵکردنی بیرۆکەهاوشێوەکان و بەستنەوەی لاوەکییەکان لەگەڵ سەرەکییەکان و سڕینەوەی بیرۆکەی نەشیاو و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لەهەر گروپێک پێنج بیرۆکەی گونجاو بۆ گروپەکە دەربچێت بۆ ئەوەی هەر خوێندکارێک بتوانێت بەتەواوی وەڵام بداتەوە و وەڵامەکەی نوێنەرایەتی وەڵامی ئەو گروپە بکات کە سەر بەوەیە .(حمادي وطالب ،٢٠١٨، ل.١٠٢)

٦. دوای تەواوبوونی کات و نووسینی پێنج بیرۆکەی هەر گروپێک مامۆستا بە هەڕەمەکی ناوی گروپێک دەهێنێت بۆ ئامادەکردن، پاشان دووبارە پرسیارەکە دەکاتەوە و خوێندکارێک لە گروپی

هەڵبژێردراو هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی گروپەکەی پێشکەش بکات و مامۆستا لەسەر بۆرد لە ژێر ناوی گروپەکەیەوە بنووسێت.

٧. پاش پرۆسەی نووسینی بیرۆکەکان بۆ هەموو گروپەکان، گفتوگۆی مامۆستا لەسەر بیرۆکەکانی هەر گروپێک لە هەمان گرووپ و لەگەڵ خوێندکارانی گروپەکانی تر دەست پێدەکات و ڕای هەر خوێندکارێکی دەرەوەی گرووپەکە قبوڵ دەکات بۆ ئەوەی بیرۆکەکان بگۆڕێت و ڕاستبکاتەوە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی تەواو و گونجاو بۆ پرسیارەکە دەربکەون.

٨. مامۆستا بە هەمان شێوە لە کارەکانی تری فێرکردندا بەردەوام دەبێت. (عبد السلام ٢٠٢١، ل.١٦٩-١٧٠)

### ❖ ئامانجی ستراتیژییەتی (Four Five):

١. جە خت لەسەر خوێندکار بدرێت و بکرێت بە چەقی پرۆسەی فێرکردن.

٢. دەرفەتی ئەوە بدرێت بە هەر خوێندکارێک کە بیر لە زۆرترین چارەسەر بکاتەوە بۆ کێشەیەك یان پرسیارێک.

٣. جۆرێک لە کارلێک و بەشداری لە گروپدا بەخوێندکار دەبەخشرێت لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆی نێوانیان بۆ گەیشتن بە باشترین چارەسەر. (عبد السلام، ٢٠٢١، ل.١٧١)

لە ڕێگەی دەستگەیشتنی توێژەر بە چەندین کتێب و ئەدەب دەبینێت کە ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکاران لە ستراتیژەکەدا (Four Five) بەم شێوەیە:

### ❖ ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژییەتی (Four Five):

١. مامۆستا پێشەکی بابەتی وانەی نوێ بە شێوەیەکی گونجاو دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی خوێندکاران زانیارییەکانی پێشوویان لەبیر بێت.

٢. خوێندکاران دابەش دەکات بۆ گروپی هاوبەش لە پۆلدا بە ئامانجی بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ستراتیژییەکە.

٣. ئامادەکردنی خوێندکاران بە ئامرازی فێرکردن بەردەست کە لە ڕێگەی ئەوەوە هەوڵ دەدەن ئامانجەکانی ستراتیژەکە بەدەست بهێنن.

٤. خوێندکاران هاندەدات بۆ ڕاهێنانی بیرکردنەوە بە تاک و بە گروپ بۆ گەیشتن بە چارەسەر.

### ❖ ڕۆڵی خوێندکار لە ستراتیژییەتی(Four Five) :

١. خوێندکار چالاکتر بەشداری لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا دەکات.

٢. خوێندکار دەتوانێت هاوکاربێت لەگەڵ هاوتەمەنەکانی لە هەمان گرووپ کە یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ئەزموونی زیاتر لە هاوکارەکانی.

٣. بەشداریکردن و کارکردن لە گروپە هەرەوزییەکان لە بارودۆخی فێرکردندا.

٤. خوێندکار بە شێوەیەکی کاریگەر وئە ڕێنی لە نێو گروپە کە و لەگەڵ مامۆستا گفتوگۆ دەکات لەو بیرۆکانەی کە لە ئەنجامی پرسیارەکە پێیگەیشتوون.

**دووەم: تێگەیشتنی خوێندنەوە:**

مەبەست لە خوێندنەوە و نە بوونی خوازراوە بۆ هەر خوێنەرێک و ئەو ئامانجەیە کە هەموو مامۆستایەک هەوڵی گەشەپێدانی دەدات بەهەموو ئاستە جیاوازەکانی لای خوێندکارەکانی لە قۆناغە جیاوازەکانی فێرکردن، و پێناسە کراوە بە "پرۆسەیەکی هزری مەعریفی بەندە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە مانای وشەکە یان تێگەیشتن لە مانای ڕستەکە یان تێگەیشتن لە مانای بڕگەکە و جیاکردنەوەی وشەکان ودرککردنی ئینتیمای زمانەوانی و جیاکردنەوەی نێوان هزری و ناهزری، زانینی خەسڵەتەکانی کەسایەتی، درککردن بە پەیوەندی هۆکار بۆ ئەنجام، درککردن بە بەهای پەیوەست بە دەقەکە، دانانی ناونیشانێکی گونجاو بۆ پارچەکە و جیاکردنەوەی ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە و ئەوەی پەیوەست نییە، زانینی ڕستەی تەوەرەیی لە دەقەکەدا ". ( الحلاق، ٢٠١٠، ل.٢٠٤)

**سێیەم: گەشەپێدان:**

وە چەمکی گەشەپێدان ئامانجدارە بۆ باشترکردنی ئاستی هەڵسوکەوتەکانی فێرکردن کە خوێندکار لە چالاکی پەروەردەییدا نیشانی دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو، و ئەم ڕەفتارانە لە ڕێگەی ڕاهێنان لە شێوەی وەڵامی سۆزداری یان جوڵەیی یان زارەکی دەردەکەون کە بە توخمەکانی وردی و خێرایی لە نواندن و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی فێرکردندا دەناسرێتەوە ".( جامل ، ٢٠٠٠، ل.٧٨)

**چوارەم: بیرکردنەوەی پەیوست:**

بیرکردنەوەی پەیوەست درووست دەبێت لەئەنجامی دۆزینەوەی پەیوەندییەک لە نێوان دوو شت یان دوو بیرۆکە بە شێوەیەک کە یەکێکیان پێش یان پاش ئەوی تر یان ڕاستەوخۆ یان بەدوای یەکدا، بۆیە دەتوانرێت وەک کارامەیی وەسفبکرێت لە دەرهێنانی توخمی هاوبەشی نێوان بیرۆکەکان، ڕووداوەکان و چەمکەکان (حسين و فخرو، ٢٠٠٢، ل.٢٩٩)، (الغريري) وەسفی دەکات بە بیرکردنەوە لەسەر بنەمای بەستنەوەی وەڵامەکانی هاندەر و بەدووبارەکردنەوەی ڕاست ئەم بەستنەوەیەش دەدگەێنێت بە چالاککردنی ڕۆڵی وەڵامە درووستەکان و دەستگەیشتن لە ڕێگەی هەوڵەکانی خوێندکارانەوە دەبێت ئەوهەوڵانەی کەدەبێیکێت ئەو هەوڵانەن کە دەکرێ فێری بین بەڵام هەوڵە هەڵەکان دەکرێ فێری بین وەک هەوڵدانێك بۆ نەپێکان و ئامانج بەدەست نەهاتن و کۆی ئەم هەوڵانە کۆدەبنەوە بۆ پێکهێنانی یەکەکانی بیرکردنەوە کە خوێندکار بەکاری دەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە وهاوشێوەکانی کە لە بارودۆخی جیاوازدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بیرکردنەوەی پەیوەست لەسەر بنەمای میتۆدەکانی هەوڵ و هەڵە و هەڕەمی خێزانی خووەکان

کە هەموو هەوڵەکانی تاک تۆمار دەکات کە ئەو ڕەفتارانەن کە دەبنە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێک یان وەڵامدانەوەی پرسیارێک یان چارەسەرکردنی کێشەیەک لەکاتێکدا وەڵامەکان کە یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەکە نادەن هێزی خۆیان لە دەست دەدەن و پێگەی خۆیان لە دەست دەدەن لەڕووی ڕێکخستنیان لە خێزان وهەوڵە هەرەمییەکاندا. (الغريري، ٢٠٠٧، ل.١٠٢)

## تەوەرەی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

**خشتەی (١) توێژینەوەکانی پێشوو**

| ژ | ناوی توێژەر وساڵ وشوێنی توێژینەوەکە | ناونیشانی توێژینەوەکە | ئامانجی توێژینەوەکە | قەبارەی نمونەکە جۆر و قۆناغی خوێندن | بابەتی خوێندن | ئامرازەکانی توێژینەوە | ئامرازە ئاماریەکان | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی (٢٠٢٣) عێراق | کاریگەری ستراتیژییەتی (Four Ffive) لەدەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی دووەمی جوگرافیا لەنێو کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی ئەرمی مەعریفییان . | زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی ( Four Five) لەدەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی دووەمی بەهرەتی جوگرافیا لەنێو کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی ئەرمی مەعریفییان | (٥٠) خوێندکارانی (کوران) دووەمی ناوەندی | کۆمەڵایەتی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری ئەرمی مەعریفییان | تاقیکردنەوەی تائی بۆ هەردوو نموونە، چوارگۆشەی کای، هاوکێشەی ئاسانی، هاوکێشەی هێزی جیاکاری بڕگەکان، هاوکێشەی جێگرەوە هەڵەکان، هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ. | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری ئەرمی مەعریفییان |
| دووەم: ئەو توێژینەوانەی کە باس لە(تێگەیشتنی خوێندنەوە) دەکات | | | | | | | | |
| ١ | مەرسومی (٢٠٢٣) عێراق | کاریگەری ستراتیژییەتی ڕووناکی دەق لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە لەنێو خوێندکارانی ئامادەیی پێنجەم لە زمان و ئەدەبی کوردی | زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی ڕووناکی دەق لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە لەنێو خوێندکارانی ئامادەیی پێنجەم لە زمان و ئەدەبی کوردی | (٦٠) خوێندکار، (کوران) پێنجەمی ئامادەیی | خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی | تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە | تاقیکردنەوەی تائی بۆ هەردوو نموونەی سەربەخۆ ,وچوارگۆشەی کا، وهاوکێشەی گرانی, وهاوکێشەی جیاکاری بڕگەکان، کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان, وهاوکێشەی ئەلفا - کرونباخ. | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە |
| سێیەم: ئەو توێژینەوانەی کە باس لە (بیرکردنەوەی پەیوەست) دەکات | | | | | | | | |
| ١ | ئەلقاسم (٢٠٢٤) عێراق | کاریگەری ستراتیژییەتی پێشنیارکراو بەپێی فێربوونی لەسەر بنەمای لێپرسینەوە لە دەستکەوت و بیرکردنەوەی پەیوەست لە نێو خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی . | زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی پێشنیارکراو بەپێی فێربوونی لەسەر بنەمای لێپرسینەوە لە دەستکەوت و بیرکردنەوەی پەیوەست لە نێو خوێندکارانی قۆناغی ناوە ندی . | (٥٠) خوێندکار، (کوران) سێی ناوەندی. | فیزیا | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست . | تاقیکردنەوەی تائی بۆ هەردوو نموونەی سەربەخۆ, چوارگۆشەی ( کا) هاوکێشەی گرانی بڕگەکان, هاوکێشەی کوپر, هاوکێشەی گرانی بڕگەکان, کاریگەری جێگرەوەی هەڵەکان ، هاوکێشەی پەیوەندی بیرسون، هاوکێشەی سپیرمان-براون, هاوکێشەی الفا کرونباخ، هاوکێشەی قەبارەی کاریگەری. | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەستدا. |

**بەشی سێیەم:ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی**

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە ڕێبازێکی ئەزموونی پەیڕەو کردووە چونکە یەکێکە لە نزیکترین میتۆدەکانی توێژینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی زانستی، توێژەر دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵەی هاوتابوون بۆ تاقیکردنەوەی پاشەکی هەڵبژاردووە ئەم دیزاینە گونجاوە بۆ سرووشت و هەلومەرجەکانی توێژینەوەکەی ئێستا و هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لە وردی ئەنجامەکان، هەروەها ئەم دیزاینە لەگەڵ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەدا دەگونجێت، چونکە پۆلەکانی خوێندن پێشتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاوە دابەشکراون و توێژەر ناتوانێت کۆنترۆڵی دابەشکردنیان بکات شێوەی (١) ئەمەش بەم شێوەیە ڕێکخراوە:

**شێوەی (١) دیزاینی ئەزموونی کۆنترۆڵکردنی بەشەکی کە توێژەر پشتی پێبەستوە**

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | پێوانە ی گۆڕاوی پشتبەست |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژییەتی (Four Five) | تێگەیشتنی خوێندنەوە , بیرکردنەوەی پەیوەست | تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە، تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست |
| کۆنترۆڵکراو | ---------- * | | |

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێستا پێکدێت لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە

خوێندنگە ئامادەییەکان و دواناوەندی کورانی ڕۆژانی حکومی لە پارێزگای بەغداد بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤–٢٠٢٥، ئەم خوێندنگایانە دابەشکراون بەسەر شەش بەڕیوبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای بەغداد، کە بریتین لە: (ڕەسافەی یەکەم، ڕەسافەی دووەم، ڕەسافەی سێیەم، کەرخی یەکەم، کەرخی دووەم، کەرخی سێیەم لە نێو ئەم بەڕێوە بەرایەتییانەی سەرەوە، توێژەر بە مەبەست بەڕێوە بەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغداد– ڕەسافەی یەکەمی هەڵبژارد .

**چوارەم: نموونەی توێژینەوەکە:** توێژەر بە شێوەیەکی مەبەست خوێندنگای (ئامادەیی دجلە الخير )ی هەڵبژاردووە کە سەر بە بەڕێوە بەرایەتی پەروەردەی بەغداد/ ڕەسافەی یەکەمە، کە لە (ناوچەی پەروەردەی باکووری بەغداد)ە وە دەکەوێتە ناوەڕاستی قەزای زهوور (حوسێنییە)، هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم خوێندنگایە بریتین لە:

١–نزیکی خوێندنگا لە شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەر: ئەمە وا دەکات کە پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە ئاسان بێت .

* ڕێگە ی ئاسایی .

٣-هاوکارییەکانی ئیدارەی خوێندنگا: ئیدارەی خوێندنگا پێشوازی لە توێژەر کردووە و هەموو دەسەڵات و ئامرازە پێویستەکانی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە دابین کردووە، هەروەها مامۆستای وانەی زمانی کوردی لە خوێندگاکە هاوکارییەکی باشی نیشان داوە .

٣-خوێندکاران هاوتان لە ڕووی جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەو ئەمە ئاسانکاری بۆ توێژەر درووست دەکات هاوتابوونی لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە.

دوای ئەوەی توێژەر خوێندنگاکە ی دیاریکرد کە ئەزموونەکە تیایدا جێبەجێ دەکرێت، سەردانی خوێندنگاکە ی کرد پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکە* ، بۆی دەرکەوت کە خوێندنگاکە پێکدێت لە سێ هۆبەی پۆلی پێنجەمی زانستی، کە ژمارەی گشتی خوێندکارانی (١٠٣) خوێندکارە، توێژەر نموونەکەی بە شێوازی (هەڵکێشانی هەڕەمەکی سادە)* هەڵبژارد لە پۆلی پێنجەمی زانستی (ئ ، ب، ج) وە لە ڕێگەی ڕاکێشانی نموونەکەوە یەکەم نموونە ی هەڵبژێردرا کە پۆلی پێنجەمی (ئ) ببێتە کۆمەڵەی ئەزموونی و دووەم نموونە ی پۆلی پێنجەمی (ب) وەک کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوی دانرا, ژمارەی خوێندکارانی پۆل بۆ ئەو دوو کۆمەڵە زیاتر لە (٣٤) خوێندکاردا بوو، وە دوای لابردنی خوێندکارانی ساڵانی پێشوو (ڕاسبووەکان) بەهۆی ئەوەی ئەزموونی پێشوویان هەیە کە دەکرێت کاریگەری لەسەر گۆڕاوە پشتبەستەکانی ئەزموونەکە بکات، ژمارەکە گۆڕا بۆ (٣٠) خوێندکار بۆ هەر پۆلێک، ئەویش بەم شێوەیە کە ژمارەی گشتی خوێندکارانی دوو پۆلەکە دەگاتە (٦٠) خوێندکار (٣٠) بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و(٣٠) بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو). توێژەر ئەنجامەکانی خوێندکارانی ڕاسبوو لە هاوتابوونی ئاماری و ئەنجامە کۆتاییەکان لابردووە، بەڵام لەناو پۆلدا هێشتیانیوە بۆ پاراستنی ڕێکخستنی خوێندنگاکە . خشتەی (٢) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٢) ژمارەی خوێندکارانی توێژینەوە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو پێش دوور خستنەوە ودوای دوور خستنەوە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی خوێندکاران پێش دوورخستنەوە | ژمارەی خوێندکارانی ڕاسبوو | ژمارەی خوێندکاران کۆتایی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ئەزموونی | ئ | ٣٤ | ٤ | ٣٠ |
| کۆنترۆڵکراو | ب | ٣٥ | ٥ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | | ٦٩ | ٩ | ٦٠ |

(*)بەگوێرەی نووسراوی ئاسانکاری ئەرکەکە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغداوە دەرچووە پاشکۆی

(*) توێژەر پارچە کاغەزێکی بچووکی خستە ناو جانتایەکەوە کە نوێنەرایەتی کەسانی پۆلی پێنجەمی زانستی دەکات و دوو پەڕە بە هەڕەمەکی هەڵبژێردران بۆ نوێنەرایەتی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە و توێژەر ڕازی بوو کە وتاری یەکەم نوێنەرایەتی (گرووپی ئەزموون) و دووەم (گرووپی کۆنترۆڵ) بکات.

**پێنجەم: ڕێکارەکانی کۆنترۆڵکردن:**

پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکە، توێژەر کاریگەری لەسەر متمانەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخست:

**هاوتابوونی کۆمەڵەی توێژینەوەکە:** بۆ مەبەستی سەلماندنی درووستی ناوخۆیی دیزاینی ئەزموونەکە، توێژەر پێش ئەوەی دەست بکات بە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی کرداری زۆر پەرۆش بوو لە دڵنیابوون لەوەی کە خوێندکارانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە ڕووی ئامارییەوە یەکسانبن لە کۆمەڵێک گۆڕاو کە باوەڕی وایە لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر دروستی ئەزموونەکە و وردی ئەنجامەکانی، **توێژەر هاوتابوونی لەسەر ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە ئەنجامدا:**

**١- تەمەنی کاتی خوێندکاران هەژمارکراو بە مانگ :**

**خشتەی(٣) ناوەند ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای تائی (هەژمارکراو و خشتەیی) و نمرەی ئازادی و بەڵگەداری ئاماری بۆ نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تەمەنی کاتی هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵەی | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٢٠٤.١٠ | ١٠.٠١٥ | ٥٨ | ١.١٣٠ | ٢.٠٠٠ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٢٠١.٤٠ | ٨.٤٣١ | | | | |

**٢- نمرەکانی دەستکەوتی ساڵی پێشوودا :**

**خشتەی (٤) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ زانینی بەڵگەداری نێوان کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە نمرەی دەستکەوتی پێشوو**

| کۆمەڵەی | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٦٩.٣٠ | ٨.٦٧١ | ٥٨ | ١.٤٧٣ | ٢.٠٠٠ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٧٢.٧٠ | ٩.١٩٦ | | | | |

**٣- دەستکەوتی خوێندنی باوکان:**

**خشتەی (٥) ئاستی خوێندنی باوکان خوێندکارانی کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەهای چوارگۆشەی کای ($\chi^2$) هەژمارکراو و خشتەیی و نمرەی ئازادی و بەڵگەداری ئاماری**

| کۆمەڵە | ژمارە | ئاستی دەستکەوتی خوێندن | | | | | نمرەی ئازادی | بەهای چوارگۆشەی کای | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی و کەمتر | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٦ | ٧ | ٦ | ٦ | ٥ | ٤ | ٠.٦٦٩ | ٩.٤٩ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٧ | ٥ | ٧ | ٥ | ٦ | | | | |

## ٤- دەستکەوتی خوێندنی دایکان:

**خشتەی (٦) ئاستی خوێندنی دایکان خوێندکارانی کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەهای چوارگۆشەی کای ($\chi^2$) هەژمارکراو و خشتەیی و نمرەی ئازادی و بەڵگەداری ئاماری**

| کۆمەڵە | ژمارە | ئاستی دەستکەوتی خوێندن | | | | | نمرەی ئازادی | بەهای چوارگۆشەی کای | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی و کەمتر | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | | هەژمارکراو | خشتەتیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٥ | ٧ | ٦ | ٧ | ٥ | ٤ | ١.٢٨٤ | ٩.٤٩ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٦ | ٥ | ٥ | ٦ | ٨ | | | | |

## ٥- زانیاری پێشوو:

**خشتەی (٧) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری نێوان کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە زانیاری پێشوو**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ١٦.٥٠ | ٢.٠٨٠ | ٥٨ | ٠.٦٦٦ | ٢.٠٠٠ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ١٦.١٧ | ١.٧٨٣ | | | | |

## ٦- تاقیکردنەوەی پێشەکی بیرکردنەوەی پەیوەست:

**خشتەیی (٨) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری نێوان کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بیرکردنەوەی پەیوەستدا**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ١١.٩٠ | ٢.٢٨٠ | ٥٨ | ٠.٦٧٥ | ٢.٠٠٠ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ١١.٤٥ | ٢.٦٧٥ | | | | |

## ٧- تاقیکردنەوەی زیرەکی:

**خشتەی (٩) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری نێوان کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی**

| کۆمەڵە | نموونەکە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هاژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ٤٢.٩٣ | ٧.٣٦٧ | ٥٨ | ١.٢٤٨ | ٢.٠٠٠ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ٤٠.٦٠ | ٧.١١٣ | | | | |

❖**کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان:** توێژەر هەوڵی دا کە تا ڕادەیەك کاریگەری ژمارەیەك گۆڕاوی دەرەکی لە ڕێڕەوی تاقیکردنەوەدا خۆی بپارێزێت، و پاشان لە دەرئەنجامەکاندا، و ئەمانەی خوارەوە ڕێکارەکانی کۆنترۆڵکردنی هەندێک لەم گۆڕاوانەن:

١)**بارودۆخی ئەزمونەکە و ڕووداوە هاوپێچەکان:** ڕووداوە هاوپێچەکان ئەو ڕووداوانەن کە دەکرێت بە شێوەیەکی سروشتی ڕوو بدەن لە کاتی ئەزموونەکەدا و دەشێت ببنە ئاستەنگ لەڕێڕەوی ئەزموونەکە ,و ئەزموونەکە لەم توێژینەوەدا بەرکەوتەی هیچ حاڵەتێکی لەناکاو یان ڕووداوێک نەبووە کە ببێتە ڕێگر لەڕێڕەوی ئەزموونەکە و کاریگەری لەسەر گۆڕاوە پشتبەستەکان هەبێت لەگەڵ کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکە.

٢) **لەناوچوونی ئەزموونی:** توێژینەوەکە تووشی ئەم بارودۆخە نەبووە، چ ڕاکردن بێت یا نەهاتن ویان وازهێنان بێت جگە لە هەندێك نەهاتنی تاکەکەسی هەبوو بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بەڵام بە ڕێژییەکی زۆر کەم و نزیکەی یەکسان لە هەردوو کۆمەڵەکەدا.

٣) **پرۆسەکانی پەیوەست بە پێگەیشتن:** ئەم پرۆسانە کاریگەری لەسەر توێژینەوەکە نەبووە، چونکە ئەزموونەکە لە ڕۆژی یەکشەمە (٢٠٢٤/١٠/٦) دەستی پێکرد و لە ڕۆژی سێشەمە (٢٠٢٥/١/٧) کۆتایی هات، و ئەگەر گەشەسەندنێك ڕوویدا لە هەردوو لایەنی دەروونی و بایۆلۆجی، ئەو گەشەسەندنەکە بە یەکسانی لە هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵدا ڕوویداوە.

٤) **جیاوازییەکان لە هەڵبژاردنی دوو کۆمەڵەکە:** توێژەر هەوڵی دا (تا ئەو ڕادەیەی دەکرا) خۆی بپارێزێت لەکاریگەری ئەم گۆڕاوە بە جێبەجێکردنی یەکسانی ئاماری لە نێوان خوێندکارانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە چوار گۆڕاودا، کە دەشێت کاریگەری هاوبەشیان هەبێت لەگەڵ گۆڕاوی سەربەخۆ لە گۆڕاوی پشتبەستدا.

٥) **ئامرازی پێوانە:** توێژەر دوو ئامرازی پێوانەی یەکسانی بەکارهێنا بۆ خوێندکارانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، کە بریتیبوون لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست بۆ جێبەجێکردنیان بۆ دوو کۆمەڵەی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا لە کۆتایی ئەزموونەکەدا.

٦) **کاریگەری ئەنجامدانی ئەزموونەکە**

ئـ. **نهێنیی توێژینەوەکە:** توێژەر هەوڵی دا نهێنیی توێژینەوەکە بپارێزێت، لەگەڵ بەڕێوەبەری خوێندنگا ڕێکەوتن کە سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکەی بە خوێندکاران ڕانەگەیەنن ، بۆ ئەوەی چالاکییان یان مامەڵەیان لەگەڵ ئەزموونەکە نەگۆڕێت، چونکە ئەمە دەکرێت کاریگەری لەسەر سەلامەتی ئەزموونەکە و دەرئەنجامەکانی هەبێت

**ب. ماوەی ئەزموونەکە:** ماوەی ئەزموونەکە یەکسان بوو بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، لە ڕۆژی یەکشەممە (٢٠٢٤/١٠/٦) دەستی پێکرد و لە ڕۆژی سێشەممە (٢٠٢٥/١/٧) کۆتایی هات.

**پ. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە:** بۆ ئەوەی کاریگەری ئەم هۆکارە لە دەرئەنجامەکانی ئەزموونەکەدا نەبێت، توێژەر خۆی وانەی بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو وتەوە، ئەمەش وردی و ڕەوانییەکی زیاتر بە دەرئەنجامەکانی ئەزموونەکە دەبەخشێت، چونکە ئەگەر مامۆستای جیاواز وانە بۆ هەر کۆمەڵێک بڵێت، دەکرێت نەتوانرێت دەرئەنجامەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ گۆڕاوە سەربەخۆکە، ولەوانەیە بگەڕێنرێتەوە بۆ شارەزایی زیاتری مامۆستایەک لە بابەتەکە لە چاو مامۆستایەکی تر، یان بۆ سیفەتە کەسییەکانی وەک چالاکییەکەی یان پاڵنەرەکەی یان ئارەزووی وتنەوەی بۆبابەتەکە، یان هۆکارەکانی دیکە.

**ت. هۆیەکانی فێرکردن:** توێژەر ڕێگایەکی فێرکردنی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی بەکارهێنا کەبریتی بوو لە(وێنە، داتا شۆ، تۆمارەکی دەنگی)، لە کاتێکدا کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە شێوازی ئاسایی فێرکران.

**ج. دابەشکردنی وانەکان:** توێژەر ئەم هۆکارەی بە دابەشکردنی یەکسان و هاوسەنگی وانەکان بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ڕێکخست (بە ڕێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری خوێندنگاکە).

**شەشەم: پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:**

**١. دیاریکردنی بابەتی زانستی (ناوەڕۆک) بۆ ئەزموونی توێژینەوەکە:**دیاریکردنی بابەتی زانستی کە لە کاتی ئەزموونەکەدا دەخوێنرێت، لە کتێبی خوێندنەوەی کوردییەوە هەڵبژێردراوە کە بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دیاری کراوە، و هەشت بابەت لەخۆ دەگرێت، ناوەڕۆك بە پێی ڕیزکردنی بابەتە سەرەکی و لاوەکییەکان ڕێکخراوە، و زانیارییەکان بە شێوەیەك ڕێکخراون کە لە سادەوە بۆ ئاڵۆز دەچن، بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت زانیارییەکان لێکبداتەوە و وەبیربێتەوە و دوور بکەوێت لە لەبەرکردن ووەبیرهاتنەوەی ئۆتوماتیکی، بە پێی چوارچێوە دیاریکراوەکانی ئەم توێژینەوە، هەروەها ناوەڕۆکی فێرکردن لە ڕووی پێداویستییەکانی خوێندکاران و تایبەتمەندییەکانیان و ئامانجە ڕەفتارییەکانەوە دیاریکراوە.

**٢. دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:** توێژەر لە پۆلێنکردنی (بلوم) لە بواری زانینیدا کەڵکی وەرگرتووە، بە تایبەتی لەسەر ئەو شەش ئاستەی (بلوم) کە بریتین لە (بیرهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهاتن، هەڵسەنگاندن)، ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییە دارێژراوەکان (١١١) ئامانج بووە.

**٣. ئامادەكردنی پلانی وانەوتنەوەی ڕۆژانە:** پلانی وانەوتنەوەی ڕۆژانەی پێویست بۆ وانەوتنەوەی بابەتەكان بۆ هەردوو كۆمەڵەكە ئامادەكراوە، پاشكۆی، توێژەر دوو پلانی نموونەیی پێشكەشی كۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری زانستی پەروەردەیی و دەروونی كردووە.

**حەوتەم: ئامرازەكانی توێژینەوەكە (تاقیكردنەوەكان):** توێژەر دوو تاقیكردنەوەی ئامادەكردووە كە بریتیین لە (تاقیكردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە و تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی پەیوەست) بۆ ئەوەی بزانێت ئامانجەكانی توێژینەوەكە و گریمانەكانی چەندە، و ئامادەكردن یان درووستكردنی هەر تاقیكردنەوەیەک پێویستی بە چەندین كردار و هەنگاوە زانستییە وردەكان هەیە و لەوانەیە گرنگترینیان جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەكە بەسەر نموونەیەكدا بێت كە لە كۆمەڵگەی خوێندنەكە هەڵبژێردرابێت بۆ شیكردنەوەی ئاماریی بڕگەكان و دەرخستنی تایبەتمەندییەكانی ئەو بڕگانە و گونجاوبوونیان، وە ئەم نموونەیە پێی دەوترێت (نموونەی شیكردنەوەی ئاماری)، بۆیە توێژەر نموونەی شیكردنەوەی ئاماری دیاریكردووە كە ژمارەیان (٣٠٠) خوێندكار بووە لە خوێندكارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، كە بەشێوەی هەڕەمەكی (لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە) هەڵبژێردراون لە خوێندنگاكانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەغداد– ڕەسافەی یەكەم، بۆ ئەوەی دوو تاقیكردنەوەكە جێبەجێ بكات لەسەریان (تاقیكردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە، تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی پەیوەست.

**بەشی خوارەوە وردەكارییەكانی درووستكردن و ئامادەكردنی هەردوو تاقیكردنەوەكە (ئامرازی توێژینەوە) پێشكەش دەكات:**

❖**یەكەم: تاقیكردنەوەی دەستكەوت بۆ تێگەیشتنی خوێندنەوە:** توێژەر هەنگاوێكی زانستی دیاریكراوی پەیڕەو كرد لە پرۆسەی درووستكردنی كۆمەڵە بڕگەیەک بۆ تێگەیشتنی خوێندنەوە بۆ خوێندكارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، كە ئامانجی توێژینەوەكە لێرەدا بریتییە لە دیاریكردنی كاریگەری ستراتیژییەتی (Four Five) لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە، لە ڕێگەی جێبەجێكردنی هەنگاوەكانی خوارەوە:

**دروستكردنی تاقیكردنەوەی دەستكەوت بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:**

١– **دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەكان:**بۆ جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوە، (١١١) ئامانجی ڕەفتاری دیاریكراوە كە دابەشكراون بەسەر ئاستەكانی (بیرهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێكردن، شیكردنەوە، پێكهێنان، هەڵسەنگاندن) لە ئاستەكانی (بلوم).

٢.**وەسفی سەرەتایی تاقیكردنەوەكە:**تاقیكردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە لە (٢٢ بڕگە) پێكهاتووە كە دوو ئاستی تێگەیشتنی خوێندنەوە دەپێورێت، كە بریتین لە (ئاستی تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ، ئاستی تێگەیشتنی شیكاری یان دەرەنجامی)، بەم شێوەیە دابەشكراون: بڕگەكانی (١ – ١٢) ئاستی تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ دەپێون، و بڕگەكانی (١٣ – ٢٢) ئاستی تێگەیشتنی

شیكاری یان دەرئە نجامی دەپێون، هەر بڕگەیەک لەم بڕگانە چوار هەڵبژاردەی هەیە، یەکێکیان وەڵامی ڕاستە و سێیانیان هەڵەن، پێداچوونەوەی تاقیكردنەوەكە بە (سفر، ١) ئەنجام دەدرێت، كە سفر بۆ وەڵامی هەڵە و ١ بۆ وەڵامی ڕاستە، بەم شێوەیە بەرزترین نمرە بۆ تاقیكردنەوەكە (٢٢)ە و کەمترین نمرە (سفر)ە

**ئـ . ڕێنماییەكانی تاقیكردنەوە:** توێژەر لە تاقیكردنەوەكەدا پشتی بە ڕێنماییە گشتییەكان بەستووە، بە شێوەیەک كە خوێندكار بە ئاسانی لێی تێبگە بەرچاوكردنی وردبینی و خێرایی لە خوێندنەوەی ڕێنماییەكاندا.

**٣. شیكاریی لۆژیكی بڕگەكانی تاقیكردنەوە:** توێژەر پشتی بە ڕوونی ڕووخسار بەستووە بۆ دڵنیابوون لە درووستی و گونجاوبوونی بڕگەكان بۆ پێوانەی ئەوەی كە ئامادەكراون بۆ پێوانەكردنی، بۆیە تاقیكردنەوەكە بە شێوەی سەرەتایی خستووەتە بەردەستی كۆمەڵێک شارەزا و پسپۆڕ، هەموو شارەزاكان ڕەزامەندییان دەربڕیوە لەسەر گونجاوبوونی هەموو بڕگەكان، كە هەموویان (١٠٠%) ڕەزامەندییان وەرگرتووە.

**٤. ڕوونی ڕێنماییەكانی تاقیكردنەوە و بڕگەكانی:** بۆ زانینی ڕوونی هەر بڕگەیەک لە دەقەكانی تاقیكردنەوەكە لە ڕووی دارشتن و ناوەڕۆكەوە، و ڕوونی ڕێنماییەكانی وەڵامدانەوە و زانینی كاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی تاقیكردنەوەكە، توێژەر تاقیكردنەوەكەی لەسەر نموونەی پێشوەختە جێبەجێ كرد، نموونەی پێشوەختەكە لە (٣٠) خوێندكار پێكهاتبوو كە بە شێوەیەكی هەڕەمەكی هەڵبژێردرابوون لە خوێندكارانی پۆلی پێنجەم، وە داوای لێكردن كە ڕێنماییەكان و بڕگەكان بخوێننەوە و دەربارەی هەر وشەیەک یان بڕگەیەک كە ڕوون نییە پرسیار بكەن، و بۆیان دەركەوت كە هەمووی ڕوونە، هەروەها كاتی تەرخانكراو بۆ وەڵامدانەوە كەمایەوە لە نێوان (٢٧–٤٢) خولەكدا بوو، بە تێكڕایی (٣٥ خولەک)، تێكڕایی كات بە كۆكردنەوەی كاتی هەر خوێندكارێک و دابەشكردنی بەسەر ژمارەیاندا (كاتی خوێندكاری یەكەم + كاتی خوێندكاری دووەم + ...... + كاتی خوێندكاری كۆتایی، دابەشكراو بەسەر ژمارەیاندا).

**٥. شیكردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەكانی تاقیكردنەوە:**

بۆ شیكردنەوەی ئاماری بڕگەكان، توێژەر وەڵامی خوێندكارەكانی ڕاستكردەوە، بۆ شیكردنەوەی بڕگەكانی تاقیكردنەوە، پاشان نمرە گشتییەكانی نموونەی شیكردنەوەی ئاماری بە ڕیزكردنی بەرو نزمی ڕێكخست و دواتر دوو نموونەی دووری هەڵبژێردرا (بەرز و نزم) بە ڕێژەی (٢٧%) وەک دوو كۆمەڵەی جیاواز بۆ نوێنەرایەتی كردنی هەموو نموونەكە، و پەڕەی وەڵامدانەوەی بەشی سەرەوەی (٢٧%) و خوارەوەی (٢٧%) وەرگیران، ئەم ڕێژەیە لەلایەن زۆربەی شارەزایان لە بواری تاقیكردنەوەكان پشتگیری دەكرێت پاشكۆی (٣)، بۆیە ژمارەیان بوو بە (٨١) خوێندكار لە

کۆمەڵەی بەرز و (٨١) خوێندکار لە کۆمەڵەی نزم، دواتر ئەم شیکردنەوە ئامارییانەی خوارەوە بۆ دوو کۆمەڵەکە ئەنجامدران:

♦ **هاوکۆلکی گرانی بڕگەکان:** دوای هەژمارکردنی هاوکۆلکی قورسی بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە، بۆیان دەرکەوت کە هەموو بڕگەکان ئاستی گرانییان پەسەندکراوە.

♦ **هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان تاقیکردنەوە:** توێژەر هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی هەژمارکرد و دەرکەوت کە هەموو بڕگەکان ئاستی گرانییان پەسەندکراوە.

**کارایی جێگرەوەی هەڵەکان:** دەرکەوت کە هەموو هەڵبژاردە هەڵەکان کاریگەرن، چونکە ژمارەیەکی زیاتری خوێندکاری کۆمەڵەی نزمیان ڕاکێشاوە بە بەراورد بە کۆمەڵەی بەرز.

♦ **هاوکۆلکی ڕاستی بڕگەکان** : بۆ هەژماری هاوکۆلکی ڕاستی پرسیارەکان، توێژەر هاوکۆلکی پەیوەندیی دووانەیی(Point–Biserial) ی بەکارهێناوە بۆ هەژماری پەیوەندیی نێوان نمرەی گشتیی تاقیکردنەوە (پەیوەندیدار) و نمرەی دووانەیی (جیاکراوە) بۆ هەر پرسیارێک، دەرکەوت کە هەموو هاوکۆلکەکانی ڕاستیی پرسیارەکان بە بەرچاوی ئاماری لە ئاستی (٠.٠١) بوون.

**تایبەتمەندی سایکۆمەتری بۆ تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە:**

١.**ڕاستی تاقیکردنەوەك:**: توێژەر دوو جۆری ڕاستی بەدەستهێناوە کە بریتین لە (ڕاستی ناوەڕۆک، و ڕاستی بنیاتنان)، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر چۆنیەتی بەدەستهێنانی هەر نیشاندەرێک دەخەینەڕوو:

ئـ . **ڕاستی ڕواڵەت:**توێژەر لە ڕاستی ڕووکەشی دڵنیابووەوە کاتێک تاقیکردنەوەکەی بە شێوازی یەکەمی خۆی بۆ کۆمەڵەیەک لە شارەزایانی بواری پێوانەی دەروونی نمایشکرد بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە چەندە گونجاوە لە ژینگەی عێراقیدا، و هەموو پرسیارەکان پەسەندی شارەزایانەیان وەرگرت بۆ گونجاوبوونیان بۆ پێوانەکردنی ئەوەی کە بۆی دانرابوون بە ڕێژەی (١٠٠%).

ب. **ڕاستی بنیادنان:** توێژەر لەم جۆرە ڕاستییە دڵنیابووەوە لە ڕێگەی دڵنیابوونەوە لە جیاکاریی برگە کان و هەموو برگە کان جیاکارییان تێداکرابوو، وە لە ڕووی یەکجۆربوونی برگە کانە وە لە پێوانەکردنی ئەوەی کە بۆی دانرابوون دڵنیابووەوە لە ڕێگەی پەیوەندییان بە نمرەی گشتیی تاقیکردنەوەکەوە کە یەکێکە لە نیشانەکانی ڕاستی بنیادنان، و دڵنیابووەوە کە هەموو برگە کان پەیوەندییەکی ئامارییان هەبوو، وە بەم شێوەیە توێژەر لە ڕاستی بنیادنانی تاقیکردنەوەکەی ئێستا دڵنیابووەوە.

٢. **جێگیری تاقیکردنەوە** : وە بە پشتبەستن بە وەڵامەکانی نموونەی شیکاری ئاماری کە ژمارەیان (٣٠٠) بوو لەسەر تاقیکردنەوەکە، دەرکەوت کە هاوکۆلکەی جێگیری (٠.٨٣) بوو، ئەمەش دەریدەخات کە هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوەکە باشە.

❖**دووەم: تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست:**توێژەر هەنگاوە زانستییە دیاریکراوەکانی پەیڕەو کرد لە پرۆسەی دروستکردنی کۆمەڵێک برگە بۆ پێوانەی بیرکردنەوەی پەیوەستی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، کە ئامانجی لێی بریتییە لە زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی Four) (fiveلەسەر بیرکردنەوەی پەیوەستدا لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە:

١. **دیاریکردنی کارامایییەکانی بیرکردنەوەی پەیوەست:** بۆ دیاریکردنی توانا و کارامایییەکان پەیوەندیدار بە بیرکردنەوە پەیوەست، توێژەر سەیری ژمارەیەک توێژینەوە و ئەدەبیاتی کرد کە باسی بیرکردنەوەی پەیوەستیان کردبوو، و هەوڵیاندابوو بە شێوەیەکی دیاریکراو پۆلێنی بکەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی ببینرێن و بە وردی پێوانە بکرێن.

٢. **دارشتنی برگەکانی تاقیکردنەوە:** دوای ئەوەی توێژەر سەیری کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی کرد کە بیرکردنەوەی پەیوەست پێوانە دەکات، کۆمەڵێک برگەی دروست کرد کە ژمارەیان (٤٠ برگە) بوو، و بە شێوەیەکی یەکسان دابەشکران بۆ دوو تاقیکردنەوە (پێشەکی و پاشەکی) کە (٢٠ برگە بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی) و (٢٠ برگە بۆ تاقیکردنەوەی پاشەکی) بوو، لە کاتی دارشتنی برگەکاندا، وەرگیرابوو کە بۆ ئاستی ئەندامانی نموونەکە (خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی) گونجاو بن، هەروەها کاتی دیاریکراو بۆ وەڵامدانەوە، و شێوازی هەڵبژاردن لە چوار هەڵبژاردە بەکارهێنرا بۆ دارشتنی برگەکان، چونکە ئەم شێوازە زۆر باو و بەربڵاوە لە تاقیکردنەوکاندان و هەروەها گونجاوە بۆ کەمکردنەوەی هۆکاری خەملاندن لە وەڵامدا.

٣. **شیکاری لۆژیکی بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەکە:** توێژەر بۆ دڵنیابوون لە دروستی برگەکانی تاقیکردنەوەکە و گونجانیان بۆ پێوانەکردنی ئەوەی کە دانراوە بۆ پێوانەکردن بەپێی ڕاستی ڕواڵەتی، بۆیە تاقیکردنەوەکەی بە شێوەی سەرەتایی بۆ کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆری زانستەکان پێشکەش کرد، وەهەموو برگەکان (١٠٠%) پەسەندییان وەرگرتووە و بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە بۆ جێبەجێکردن لەسەر نموونەی تاقیکردنەوەیی گونجاو بووە.

٤. **ڕوونی ڕێنمایییەکان و برگەکانی تاقیکردنەوەکە:** بۆ زانینی ڕوونی هەر برگەیەک لە تاقیکردنەوەکە لە ڕووی دارشتن و ناوەڕۆکەوە، و ڕوونی ڕێنمایییەکانی وەڵامدانەوە وزانینی کات بۆ وەڵامدانەوە، توێژەر تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەیەکی تاقیکردنەوەیی جێبەجێ کردووە، ئەم نموونەیە لە (٣٠) خوێندکار پێکهاتبوو کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی

٦. **شیکردنەوەی ئاماری برگەکانی تاقیکردنەوە:**بۆ شیکردنەوەی ئاماری برگەکان، توێژەر وەڵامەکانی خوێندکارەکانی ڕاستکردەوە، بۆ شیکردنەوەی برگەکانی تاقیکردنەوە، پاشان نمرە گشتیەکانی نموونەی شیکردنەوەکانی ئاماری بە ڕیزبەندی بەرەو نزمی ڕێکخست و دواتر دوو نموونەی دووری هەڵبژارد (بەرز و نزم) بە ڕێژەی (٢٧%) وەک دوو کۆمەڵەی جیاواز بۆ

نوێنەرایەتی کردنی هەموو نموونەکە، کە لە لاپەڕەی وەڵامی بەرز (٢٧%) و نزم (٢٧%) هەڵبژارد، ئەم ڕێژەیەش لەلایەن زۆربەی شارەزایانی بواری تاقیکردنەوە پشتگیری دەکرێت پاشکۆی (٣)، بۆیە ژمارەیان (٨١) خوێندکار بوو لە کۆمەڵەی بەرز و (٨١) خوێندکار لە کۆمەڵەی نزم، پاشان ئەم شیکردنەوە ئامارییانەی خوارەوە بۆ هەردوو کۆمەڵەکە ئەنجامدرا:

- **هاوکۆلکی گرانی بڕگەکان:** دوای هەژمارکردنی هاوکۆلکی گرانی بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکان تاقیکردنەوەکە، دەرکەوت کە هەموو بڕگەکان لە ئاستی گرانی پەسەندکراودا بوون.
- **هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان تاقیکردنەوەکە:** توێژەر هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی) هەژمارکرد و دەرکەوت کە هەموو بڕگەکان لە ئاستی گرانی پەسەندکراودا بوون.
- **کارایی جێگرەوە هەڵەکان:** دوای ئەوەی توێژەر کرداره ئامارییە پێویستەکانی ئەنجامدا، دەرکەوت کە هەموو جێگرەوە هەڵەکانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە کارامەن، چونکە خوێندکارانی کۆمەڵەی نزمیان زیاتر ڕاکێشا بە بەراورد بە خوێندکارانی کۆمەڵەی سەرەوە.
- **هاوکۆلکی ڕاستی بڕگەکان:** توێژەر هاوکۆلکی پەیوەندی دووانەیی(Point – Biserial) ی بەکارهێنا بۆ هەژماری پەیوەندی نێوان نمرەی گشتیی تاقیکردنەوەکە (پێشەکی پاشەکی) (پەیوەندیدار) و نمرەی دووانەیی (جیاکراوە) بۆ هەر بڕگەیەک، و دەرکەوت کە هاوکۆلکەکانی ڕاستی هەموو بڕگەکان بە بەهای ئاماری لە ئاستی (٠.٠١).

**تایبەتمەندی سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست:**

١. **ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:** لە توێژینەوەکەدا توێژەر دوو جۆری ڕاستگۆیی بەدەستهێناوە کە بریتین لە (ڕاستگۆیی ڕووکەشی، و ڕاستگۆیی پێکهاتە). لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی هەر نیشانەیەک دەدرێت:

**ئـ. ڕاستگۆیی ڕواڵەت:** توێژەر لە ڕاستگۆیی ڕووکەشی دڵنیا بوویەوە کاتێک تاقیکردنەوەکەی بە شێوەی سەرەتایی بۆ کۆمەڵەیەک لە شارەزایانی پێوانەی دەروونی پێشان دا بۆ ئەوەی بڕیار بدەن لەسەر گونجاو بوونی لە ژینگەی عێراقی، و هەموو بڕگەکان پەسەندی شارەزایانەیان بەدەستهێنا بۆ گونجاو بوونی پێوانەکردنی ئەوەی کە بۆی دانراون بە ڕێژەی (١٠٠٪).

**ب. ڕاستگۆیی پێکهاتە:** توێژەر لەم جۆرە ڕاستگۆییدا دڵنیا بوو لە ڕێگەی دڵنیابوونەوە لە درووستی بڕگەکان و هەموو بڕگەکانی درووست بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هاوتابوونی بڕگەکان لە پێوانەکردنی ئەوەی کە بۆی دانراون، دڵنیا بوو لە ڕێگەی پەیوەندییان بە نمرەی گشتییەوە کە یەکێکە لە نیشانەکانی ڕاستگۆی پێکهاتە، پشتڕاست کرایەوە کەهەموو بڕگەکان پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئامارییان هەبوو، بەم شێوەیە توێژەر لە ڕاستگۆیی پێکهاتەی تاقیکردنەوەی ئێستا دڵنیا بوو.

٢ **.جێگیری تاقیکردنەوە:** پشتبەستن بە پرۆگرامی ئاماری (Spss) توێژەر هاوکێشەی (ئەلفا– کرۆنباخ)ی بەکارهێنا بۆ هەژماری جێگیری تاقیکردنەوە، کە یەکێکە لە هاوکێشە گونجاوەکان بۆ پێوانەکردنی جێگیری هەموو جۆرەکانی تاقیکردنەوەکان، پشتبەستن بە وەڵامەکانی نموونەی شیکاری ئاماری کە ژمارەیان (٣٠٠) بوو لەسەر تاقیکردنەوەکە، بۆیە دەرکەوت کە هاوکۆلکەری جێگیری (٠.٧٩) بوو و بەم شێوەیە هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوەکە باشە.

**حەوتەم: ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

- **ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە:**توێژەر ئەزموونەکەی لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤–٢٠٢٥ جێبەجێ کرد دوای ئەوەی توێژەر پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەزموونەکەی تەواو کرد لە هەڵبژاردنی دوو کۆمەڵە و دڵنیابوویەوە لە یەکسانی نێوانیان و دیاریکردنی بابەتی زانستی، دەستی بە جێبەجێکردنی ئەزموونەکە کرد لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٤/١٠/٦، و کۆتایی هات لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٢٥/١/٧، کەئەزموونەکەی بە جێبەجێکردنی دوو ئامرازی توێژینەوەکەی تەواو کرد (تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست).
- **ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دوو تاقیکردنەوەکە:** دوای تەواو بوونی جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە لەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی ، کاتێک دیاری کرا بۆ جێبەجێکردنی دوو تاقیکردنەوەکە، توێژەر خوێندکارانی دوو کۆمەڵەکەی لەبارەی کاتی تاقیکردنەوەکە ئاگادار کردەوە یەک هەفتە پێش ئەوە بۆ ئەوەی خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، و دوو ئامرازەکە لە دوو ڕۆژدا جێبەجێ کرا، تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی پشتبەستی یەکەم لە ٢٠٢٤/١٢/١٥ جێبەجێ کرا، کە ڕۆژی یەکشەممە بوو، و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی وابەستەی دووەم لە ٢٠٢٤/١٢/٣٠ جێبەجێ کرا، کە ڕۆژی دووشەممە بوو.
- **ڕێکارەکانی ڕاستکردنەوە:**

دوای تەواوبوونی پرۆسەی جێبەجێکردنی دوو تاقیکردنەوەکە، توێژەر وەڵامەکان بەپێی کلیلێکی ڕاستکردنەوە بۆ هەردوو تاقیکردنەوەکە ئەنجامدا، بەم شێوەیە نمرەکان بۆ تاقیکردنەوەی تێگەشتن لە خوێندنەوە (٢٢) نمرە و بۆ تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست (٢٠) نمرە بوو، ئەمەش بۆ ئەوەی ئامادە بکرێن بۆ چارەسەری ئاماری، نمرەکان بۆ هەردوو کۆمەڵەکە تۆمارکران وئامادەکران بۆ چارەسەری ئاماری بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی پەیوەست بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**هە شتە م: ئامرازە ئامارییەکان:**توێژەرەوە ڕێگای ئامارییەکانی خوارەوەی بەکارهێناوە:

**یەکەم: جانتای ئاماری (SPSS)، کە ئەمانەی خوارەوەی تێدا بەکارهێنراوە: (**تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (t–test)، تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی پێکەوەبەستراو (t–test)، تاقیکردنەوەی چوارگۆشەی کای ، هاوکێشەی ئەلفا–کرۆنباخ).

**دووەم: پرۆگرامی ئەکسل(Excel) ، کە هاوکێشە ئامارییەکانی خوارەوەی تێیدا بەکارهێنراوە:(** هاوکۆڵکەی گرانی برگەکان، هاوکێشەی جیاکاری برگەکان ، کارایی جێگرەوە ، هاوکۆڵکەی پێکەوەبەستراوی دووانی (بوینت بایسیریال) ، هاوکێشەی چوارگۆشەی ئیتا $\eta^2$ ، هاوکێشەی تاقیکردنەوەی کوهین).

**بەشی چوارەم: ئەنجامی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان:**

**یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

**ئامانجی یەکەم:** کاریگەری ستراتیژییەتی (Four Five) لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.

بەمەبەست لە سەلماندنی یەکەم گریمانەی سفری کە دەڵێت: **(هیچ جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەیی ئەزموونی کە خوێندنە وە ی کوردی دەخوێنن بەپێی ستراتیژییەتی (Four Five) و تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت دەخوێنن بە بەکارهێنانی ڕێگای ئاسایی لە تێگەیشتنی خوێندنەوە)**

دوای تەواوکردنی ئەزموونەکە توێژەر تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوەی جێبەجێ کرد و پاشان لاپەڕەی وەڵامەکانی خوێندکارانی ڕاستکردەوە و کۆی نمرەکانی هەر خوێندکارێک لە دوو کۆمەڵەکەدا هەژمار کرد، وپاشان هەژمارکردنی تێکڕای ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری هەردوو کۆمەڵەکە وەک لە خشتەی (١١) دا نیشان دراوە.

**خشتەی (١١) تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی جیاوازی نێوان تێکڕای نمرەکانی هەردووکۆمەڵە لە تێگەیشتنی خوێندنەوە**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی ستاندارد | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ١٥.٤٣ | ٣.١٠٤ | ٥٨ | ٤.٢٦٤ | ٢.٠٠٠ | مانادارە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٣٠ | ١١.٨٧ | ٣.٣٧١ | | | | |

تێکڕای ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتە(١٥.٤٣) بە لادانی پێوەری بڕی (٣.١٠٤) لەکاتێکدا تێکڕای ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتە(١١.٨٧) بە لادانی پێوەری بڕی (٣.٣٧١)، هەرچەندە تێکڕای نمرەکانی کۆمەڵەی

ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوەدا بەرزتر بوو بەڵام توێژەر بڕیاریدا گرنگی جیاوازی نێوان تێکڕای نمرەکانی ئەو دوو کۆمەڵە بزانێت بۆ ئەوەی درووستی گریمانەکەی سەرەوە تاقی بکاتەوە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ,دەرکەوت کە جیاوازی نێوانیان لە ئاستی گرنگی (٠.٠٠٥) گرنگە چونکە بەهای تائی هەژمارکراو (٤.٢٦٤) بووە کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی تائی(٢.٠٠٠) بە پلەیەکی ئازادی (٥٨)، و بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەت دەکاتەوە، واتە :جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماری هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی ئەو خوێندکارانەی کە بە پێی ستراتیژییەتی (Four Five) دەخوێنن و تێکڕای نمرەکانی ئەو خوێندکارانەی کە بە پێی ڕێگای ئاسایی وانە دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوەدا و لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی.

– **قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گۆڕاوی پشتبەست:** لەکاتی ئەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری ستراتیژییەتی (Four Five) لە تێگەیشتنی خوێندنەوەدا، دەرکەوت کە قەبارەی کاریگەری گەیشتووەتە (٠.٢٣٨)، بۆیە قەبارەی کاریگەری لە ستراتیژییەتی (Four Five) لە تێگەیشتنی خوێندنەوەدا زۆر گەورەیە،هەروەک لە خشتەی (١٢) نیشان دراوە.

**خشتەی (١٢) قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گۆڕاوی پشتبەستدا**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | بەهای قەبارەی کاریگەری | قەبارەی بڕی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی (Four Five) | تێگەیشتنی خوێندنەوە | ٠.٢٣٨ | زۆر گەورەیە |

**ئامانجی دووەم: کاریگەری ستراتیژییەتی (Four Five) لەسەر بیرکردنەوەی پەیوەست لە نێو خوێنکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.**

بەمەبەستی سەلماندنی گریمانەی دووەم سفری کە دەڵێت: **(هیچ جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەدار (٠.٠٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی ئەو خوێندکارانی کە بە پێی ستراتیژییەتی (Four Five) دەخوێنن و تێکڕای نمرەکانی ئەو خوێندکارانەی کە بە پێی ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی لە بیرکردنەوەی پەیوەست دەخوێنن لە نێو خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ).**

پاش تەواوکردنی ئەزموونەکە توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەستی جێبەجێ کرد و پاشان وەرەقەی وەڵامەکانی خوێندکارانی ڕاستکردەوە و کۆی نمرەکانی هەر خوێندکارێکی دوو کۆمەڵەی، تێکڕای ناوەند ژمێری و لادانی پێوەری هەردوو کۆمەڵەکە وەک لە خشتەی (١٣) دا نیشاندراوە.

**خشتەی(١٣) تاقیکردنەوەی تائی بەڵگەداری نێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەکە لە بیرکردنەوەی پەیوەستدا**

| کۆمەڵە | نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٠ | ١٥.٣٣ | ٢.٢٦٤ | ٥٨ | ٣.٧٠٦ | ٢.٠٠٠ | مانادارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٠ | ١٢.٣٠ | ٣.٨٧٠ | | | | |

تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی (١٥.٣٣) بووە بە لادانی پێوەری بڕی (٢.٢٦٤)، و تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (١٢.٣٠) بووە بە لادانی پێوەری بڕی (٣.٨٧٠)، و هەرچەندە تێکڕای نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەستدا بەرزتر بوو بەڵام توێژەر بڕیاریدا گرنگی جیاوازی نێوان تێکڕای نمرەکانی ئەو دوو کۆمەڵە بزانێت بۆ ئەوەی درووستی گریمانەکەی سەرەوە تاقی بکاتەوە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، دەرکەوت کە جیاوازی نێوانیان لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٥) ئاماری بەڵگەدار بوو، چونکە بەهای تائی هەژمارکراو (٣.٧٠٦) بوو کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢.٠٠٠) تائی بە نمرەی ئازادی (٥٨) ،و بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەت دەکاتەوە، واتە: جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماری هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی ئەو خوێندکارانی کە بە پێی ستراتیژییەتی( Four Five) دەخوێنن و تێکڕای نمرەکانی ئەو خوێندکارانی کە بە پێی ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەست و بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی.

– **قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گۆڕاوی پشتبەست (بیرکردنەوەی پەیوەست)**:دەرکەوت کە قەبارەی کاریگەری گەیشتووەتە (٠.١٩١)، بۆیە قەبارەی کاریگەری لە ستراتیژییەتی (Four Five)لە بیرکردنەوەی پەیوەستیدا گەورەیە، وەک لە خشتەی (١٤) نیشان دراوە.

**خشتەی (١٤) قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گۆڕاوی پشتبەست**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | بەهای قەبارەی کاریگەری | بڕی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی (Four Five) | بیرکردنەوەی پەیوەست | ٠.١٩١ | گەورەیە |

**کاریگەری ستراتیژییەتی (Four Five) لەسەر گە شە پێدانی بیرکردنەوەی پەیوەست لە نێو خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی: کاریگەری ستراتیژییەتی (Four Five) لەسەر گە شە پێدانی بیرکردنەوەی پەیوەست لە نێو خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.**

بەمەبەستی سەلماندن و دڵنیابوون لە زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی گۆڕاوی سەربەخۆ (Four Five) لە گە شە پێدانی بیرکردنەوەی پەیوەست لەنێو خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی

ئامادەیی توێژەر نمرەکانی پێش تاقیکردنەوە و پاش تاقیکردنەوە بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی وەرگرت و یاسای ئاماری بەشێوەیەک ئەنجامدرا کە تێکرای نمرەکانی پێش تاقیکردنەوە گەیشتە (١١.٩٠)ە و لادانی پێوەری (٢.٢٨٠)ە، لەکاتێکدا تێکرای نمرەکانی پاش تاقیکردنەوە گەیشتە (١٥.٣٣) و لادانی پێوەری (٢.٢٦٤)ە ، پاشان تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی پەیوەست بەکارهێنا بۆ زانینی گرنگی جیاوازی نێوان تێکڕای هەردوو تاقیکردنەوەکە (پێشەکی و پاشەکی) ، تێکڕای جیاوازی نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە گەیشتە(٣.٤٣٣) و لادانی پێوەری (٣.٢١٣), و بەهای تائی هەژمارکراو (٥.٨٥٣) بووە کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی تائی کەگەیشتبووە (٢.٠٠٠) لە ئاستی بەڵگەدار (٠.٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٩) و ئەمەش مانای ئەوەیە کە جیاوازی نێوان تێکڕای هەردوو تاقیکردنەوەکە (پێشەکی و پاشەکی) لەڕووی ئامارییەوە بەڵگەدارە، واتا ستراتیژییەتی (Four Five) بەشداری کردووە لە گە شە پێدانی بیرکردنەوەی پەیوەست لەنێو نموونەی کۆمەڵەی ئەزموونی، خشتەی (١٥)

**خشتەی (١٥) تاقیکردنەوەی تائی بەڵگەداری جیاوازی لە نێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە پێشەکی و پاشەکی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پەیوەستدا**

| تاقیکردنەوە | نموونە | ناوەند ژمێری | جیاوازی نێوان ناوەندەکان | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| پێشەکی | ٣٠ | ١١.٩٠ | ٣.٤٣٣ | ٣.٢١٣ | ٢٩ | ٥.٨٥٣ | ٢.٠٠٠ | ماناداره |
| پاشەکی | | ١٥.٣٣ | | | | | | |

• **قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گەشەپێدانی گۆڕاوی پشتبەست (بیرکردنەوەی پەیوەست):** دەرکەوت کە قەبارەی کاریگەری گەیشتووەتە (١.٠٦٨)، بۆیە قەبارەی کاریگەری لە ستراتیژییەتی (Four Five)ی لە بیرکردنەوەی پەیوەستدا گەورەیە، وەک لە خشتەی (١٦) نیشاندراوە.

**خشتەی (١٦) قەبارەی کاریگەریی لە ستراتیژییەتی (Four Five)ی لە بیرکردنەوەی پەیوەستدا**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | بەهای قەبارەی کاریگەری | بڕی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی (Four Five) | بیرکردنەوەی پەیوەست | ١.٠٦٨ | گەورەیە |

**دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان:**

**ئـ – ئەو ئەنجامانەی پەیوەستن بە تێگەیشتنی خوێندنەوە:** ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە خوێندکارەکانیان بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردییان بە پێی ستراتیژییەتی( Four Five) خوێندبوو سەرکەوتن بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراودا کە خوێندکارەکانیان بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردییان بە ڕێگای ئاسایی لە تاقیکردنەوەی

تێگەیشتنی خوێندنەوەدا خوێندووە، توێژەر پێیوایە ئەم سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

١- ستراتیژییەتی (Four Five) یارمەتیدەر بوو لە وروژاندنی سەرنج و پەرۆشی خوێندکاران بۆ بابەتەکە وبەرزکردنەوەی حەزو ئارەزووی بەشداریکردن لە پۆل و ئامادەکاری بۆ بابەتەکە کە وانەکەی چالاکتر کرد.

٢- ستراتیژییەتی (Four Five) کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی خوێندنەوە لەنێو خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی و دۆزینەوەی توانا زانستییەکانیان

**ب- ئەو ئەنجامانەی پێوستن بە بیرکردنەوەی پەیوەستدا:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن کە خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە خوێندکارەکانیان بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردی بە پێی ستراتیژییەتی (Four Five) خوێندبوو سەرکەوتن بەسەر خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە خوێندکارەکانیان بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردییان بە پێی ڕێگای ئاسایی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی پەیوەستدا خوێندبوو، لەبەر چەند هۆکارێک:

١- وتنەوەی وانەی خوێندنەوەی کوردی بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (Four Five) بووە هۆی هاندانی بیرکردنەوەی خوێندکاران وتامەزرۆبوونیان بۆ فێربوون, و دەرفەتێکی بۆ ڕەخساندن بۆ کارلێک کردن لە نێوان خۆیان و بابەتەکە، ئەمەش لە زیادکردنی هاندانیان بۆ فێربوون وگە شە پێدانی بیرکردنەوەی پەیوەستبوونیان ڕەنگی دایەوە.

٢- وتنەوەی وانەی خوێندنەوەی کوردی بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (Four Five) یارمەتیدەر بوو بۆ دروستکردنی زنجیرەیەک پەیوەندی پێکەوە کە یارمەتی خوێندکاران دەدات بیرۆکەکان وەبیربهێننەوە کاتێک ڕووبەڕووی بارودۆخێک دەبنەوە کە پێویستیان بە وبیرهێنانەوەی ئەو بیرۆکانە هەیە.

**سێیەم: دەرئەنجامەکان:** لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە و ئەمانەی خوارەوەی خستەڕوو:

١- ستراتیژییەتی (Four Five) لەگەڵ داواکارییەکانی فێرکردنی نوێ دەگونجێت و کار دەکات بۆ هاندانی خوێندکاران، و زیادکردنی چالاکی و کارلێکردنیان لەناو پۆلدا, و جیاوازییە تاکەکەسییەکانی نێوانیان لەبەرچاودەگرێت.

٢- بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (Four Five) کاریگەری هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەکردنی بیرکردنەوەی پەیوەست بۆ خوێندکارانی پۆلی پێنجەم بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان:** لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکە و ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتوون ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکرێن:

١-ئاراستەکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژییەتی (Four Five) وەک یەکێک لە ستراتیژەکانی فێرکاری نوێ کە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و ڕاهێنان و گە شە پێدانی توانای زمانەوانی و هزری و ڕۆشنبیرییەکانیان.

٢-کارکردن بۆ درووستکردنی ژینگەیەکی فێرکردنی گونجاو لە هۆڵ و پۆلەکان و دابینکردنی ئامرازی فێرکاری نوێ بۆ یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی وانەوتنەوەی نوێ.

**پێنجەم: پێشنیازەکان:** بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی توێژینەوەی ئێستا توێژەر کۆمەڵێک پێشنیاز پێشکەش دەکات بریتین لە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە, بەمەبەستی دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژییەتی (Four Five) لە وانەوتنەوەی لقەکانی تری زمانی کوردی وەک ڕێزمان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە قۆناغەکانی تری خوێندن و قۆناغەکانی زانکۆ لە بوارە جیاجیاکاندا.

**سەرچاوەکان**


❖**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

• حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٥). **کۆنگرەی پەروەردەیی لە ڕۆژانی ١١،١٠،٩/٥/ ٢٠١٥**. چابخانەی وەزارەتی پەروەردە.

• مەرسوومی، مەرسوومی حامد عەبد وجوامێر، عەلی داوود (٢٠٢٣). **کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ئاماژەکانی بەستێن لە تێگەیشتنی خوێندنەوە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا** . گۆڤاری الأستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتی وکۆمەڵایەتییەکان،٦٢، پاشکوی (١).

• **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

• إبراهيم ، مجدي عزيز (٢٠٠٩). **معجم مصطلحات ومفاهيم التعليم والتعلم** . عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة.

• أمبو سعيدي، عبدالله بن خميس والحوسنية، هدى بن علي (٢٠١٦). **إستراتيجيات التعلم النشط ١٨٠ استراتيجية**. دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

• جامل، عبد الرحمن عبد السلام (٢٠٠٠). **أساسيات المناهج التعليمية أساليب تطويرها**، دار المناهج للنشر والتوزيع.

• حسين، ثائر، وفخرو،عبد الناصر (٢٠٠٢). **دليل مهارات التفكير ١٠٠ مهارة في التفكير**.دار جهينة للطباعة والنشر.

- الحلاق، علي سامي (٢٠١٠). **المرجع في تدريس مهارات اللغة العربية وعلومها**. المؤسسة الحديثة للكتاب.
- حمادي، حسن خلباص وطالب، وليد خالد (٢٠١٨). **أثر استراتيجية 5555 في الفهم القرائي عند طلاب الصف الرابع الأدبي**. مجلة البحوث التربوية والنفسية، جامعة بغداد. كلية التربية ابن الرشد للعلوم الأنسانية. العدد(٥٦).
- عبد السلام، محمد (٢٠٢١). **إستراتيجيات التعلم النشط** . مكتبة نور للنشر والتوزيع.
- علي، غازي فيصل (٢٠٢٣) **أثر استراتيجية (5555) في تحصيل طلاب الصف الثاني الجغرافية ضمن الاجتماعيات وتنمية مرونتهم المعرفية**. (رسالة ماجستير غير منشورة). كلية التربية للعلوم الأنسانية جامعة الموصل.
- الغريري، سعدي جاسم عطية. (٢٠٠٧). **تعليم التفكير (مفهومه وتوجهاته المعاصرة)**. مطبعة المصطفى للطباعة والنشر.
- القاسم، حسن عبدالعزيز محمد (٢٠٢٤). **التعرف على فاعلية استراتيجية مقترحة وفق التعلم القائم على الإستفسار في التحصيل والتفكير الترابطي لدى طلاب المرحلة المتوسطة**. مجلة العلوم الأنسانية .كلية التربية الأساسية. جامعة سومر .العدد (٢١).
- قدورة، دلال كامل. (٢٠٠٩). **طرائق التدريس العامة**. دار دجلة للنشر والتوزيع.
- قطامي، يوسف (٢٠١٣). **استراتيجيات التعلم والتعليم المعرفية**. دار المسيرة للنشر والتوزيع.
- وزارة التربية، (٢٠١٩). **نظام المدارس الثانوية رقم(٢) لسنة١٩٧٧**. المديرية العامة للتقويم والمناهج والأمتحانات.
- اليوسفي، الاء محمد (٢٠١٩). **نظرية الفكير الترابطي**. دار الفكر العربي للنشر والتوزيع.